


# مافەکانی منداڵ - قۆناغی یەکەم

م.ی سروە علاءالدین

2022- 2023

# سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بنەماکانی مافی منداڵ

بێگومان پاراستنی مافەکانی منداڵان لەڕووی گرنگیپێدان وچاودێری کردن لەسایەی شارستانییەتە دێرینەکان فۆڕم و شێوەی جیاوازی بەخۆیەوە بینیوە, منداڵ لە شارستانییەتە دێرینەکاندا بەهای کەسایەتی تەواو و ڕەسەنی نەبووە, پرسی نەبوونی بەها و کەسایەتی ڕەسەنی مرۆڤانەی منداڵ بەهۆی ئاستنگەکانی بژێوی و دژواری ژیان گەیشتبوو بە ئاستێك, مانەوە لە ژیاندا تەنها لەئەستۆی پیاواندا بوو,

لەبەرئەوەی تەنها پیاوان دەیانتوانی ڕووبەڕووی دۆخ و ئاستەنگ و دژوارییەکانی ژیان ببنەوە, بۆیە منداڵان وەك چینێکی سەربەخۆی کۆمەڵگە گرنگی پێنەدەدرا,

هەڵبەتە دەسپێکی گرنگیدان بە منداڵان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی هەژدە .



## پێناسەی ماف :

بریتیە لەئەنجامدانی کارێك بەگوێرەی یاسایەکی دیاریکراو, مافەکان چەند شێوەیەکیان هەیە لە ژیانی تاکەکان, هەندێکیان سروشتین, وەك مافی ژیان, هەندێکیان بەرکارن, ئەم جۆرەیان بەدرێژایی ژیان لە گۆراندایە و بەگوێرەی ئەو یاسایانەیە کە هەن لەو ساتەدا و بەگوێرەی شوێنی جوگرافی ئەو کۆمەلگایەش کە بەکاری دێنن .

## پێناسەی منداڵ

بونەوەرێکی پیرۆزە و ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکە کە ژینگەی لەبار بۆ گەشەکردنی بخولقێنێ تاوەکو لە دوارۆژدا مرۆڤێکی تەواو و بەرهەم هێنەر و سوود بەخشی لێ دەربچێت ، منداڵانی ئەمڕۆ داهاتوو دیاری دەکەن و پەروەردە کردنیان لەسەر بناغەیەکی زانستی ئەرکێکی مێژووییە و نەوەی ئەمڕۆش بەرپرسیارن لێیان .

# مافەکانی منداڵ لە ئیسلام

1. مافی ژیان
2. مافی هەلبژاردنی دایکی چاك
3. مافی مندال لە شیر خواردن
4. مافی منداڵ لە دایەنیکردن
5. مافی منداڵ لە چەسپاندنی ڕەچەڵەك
6. مافی منداڵ لە ناوی گونجاو و ڕەوشت
7. مافی منداڵ لە پەیڕەوکردنی بڕوای ئاینی خۆی



هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم
تەندروست باش بن

